پارتی و گۆڕان ڕوو بە ڕووی یەکتر دەبنەوە

ڕاپۆرتی:
فەرمان ڕەشاد

دروستبوونی گۆڕان وەک زۆرێک لە چاودێرانی ناوخۆی یەکێتی و هەرێم بۆی دەچن،یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەرەنجامی ئەو سازشانە بوو کە یەکێتی بەرامبەر پارتی دەیکرد و،پێیان وابوو خودی تاڵەبانی تاک لایەنە ئەو پەیوەندیە لەگەڵ پارتی بەڕێوە دەبات و باشترین بەڵگەش ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژیەی نێوان پارتی و یەکێتی بوو، کە باڵی ریفۆرمی ئەوسا پێی وابوو تەنها بنەماڵەی تاڵەبانی لێی سوودمەندەو لەبەرامبەردا بە لاواز بوونی یەکێتی بەرامبەر پارتی تەواو دەبێت، دواجار سەرەنجانی ئەو ملمانێیە بە دروست بوونی "بزووتنەوەی گۆڕان" خەست تر بوو، دوای دروست بوونی گۆڕان لە شەڕی قورسی نێوان یەکێتی و گۆڕان لەهەردوو هەڵبژاردنی "٢٥ ی ٧ و ٧ ی ٣" ناکۆکیەکان گەیشتنە چڵەپۆپە و، هەڵدانەوەی رابردووی یەکتر و هێرشی ئیعلامی زۆر توند بەرامبەر بەیەک، ئەمەش وای کرد بەگشتی خەڵکێک کە بۆ یەکەمجار بوو ئینتما بۆ لایەنێک لای دروست بێت کە گۆڕان بوو وەک حاڵەتێکی تازە بۆ بەرانگاربوونەوەی شێوازی حوکم لەهەرێم،جەماوەری کوردستان هێواش هێواش جۆرە بڕوایەکیان لا دروست بوو کە دەگوترا دروست بوونی گۆڕان بریتیە لە تەسفیەی حیسابی نێوان سەرکردەکانی پارتی لە ڕاگەیاندنی گۆڕان بە ناشکرا ڕەنگی دەدایەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو توندیە بەرامبەر یەکێتی بەراورد نەدەکرا، ئەگەر جۆرێک لە بەریەکەوتن لە ڕابردوو هەبوبێت پرسی کۆبوونەوەی هەندێک هەڵسوراوی گۆڕان بوو لە موسڵ کە گۆڕان بە سیناریۆی یەکێتی لەقەڵەمی دا، لەو سەروبەندەدا ڕاگەیاندنی پارتی گرنگی زۆریان بەو هەواڵە دا، بەگوێرەی بۆچوونی شارەزایانی دۆخەکە هۆکاری ئەو گرنگی پێدانەی پارتی بەو هەواڵە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە پارتی ترسی ئەوەی لا دروست بووبوو کە ڕەنگە گۆڕان بەشێک لە دەنگەکانی ئەو پاریزگایە بۆخۆی ببات کە پارتی بە موڵکی خۆی دەزانی.

کەیسی سەردەشت عوسمان دەسپێکی ملمانێ سەرەکیەکە

گۆڕان بۆ خۆ دەربازکردن لەو ناوچە گەریە تێی کەوتبوو کە بەیەکێک لە هۆکارەکانی گەشەنەسەندنی خۆی دەزانی لە ٣\٧ دەبوو ئەمجارە چاوی ڕاگەیاندنی بەرەو سنوری دەسەڵاتی پارتی بگوازێتەوە، شەهید کردنی "سەردەشت عوسمان" لە سنوری دەسەڵاتی پارتی ئەو دەرفەتەی بە گۆڕان دا کە ئەوە بکاتە دەستپێکی ملمانێ تونددەکە، ئەو گرنگی پێدانە زۆرەی گۆڕان بە کەیسی شەهید سەردەشت بەهەر مەبەستێک بێت پارتی تووشی هەڵچوون کردووە بەرامبەر گۆڕان، هەر وەک چۆن چاودێران پێیان وایە یەکەمجاریشە کە گۆڕان و یەکێتی لە شتێک هاوڕا بن لەبەرامبەر پارتی، کە هەردوو لا داوادەکەن پارتی هەوڵی چڕ بدات بۆ ئاشکرا کردنی ناسنامەی بکوژەکان، ئەمەش بە مستەفا" کراوە و لەبەشێکی پارتی ڕایدەگەیەنێت کە ئەگەر گۆڕان کۆتایی بەو هێرشانە نەهێنێت لە ڕاگەیاندنەکانی ئەوا چەندین کەیسی ڕابردوو زیندوو دەکەنەوە، کە تیایاندا "نەوشیروان مستەفا" بە تاوانبار دەزانن، هەروەها هەڕەشەی بردنە بەر دەمی دادگا لەوانە کراوە کە تۆمەتەکە دەخەنە ئەستۆی پارتی، ئەمە لەکاتێکدا گۆڕان ئەمەی ڕەتکردۆتەوە کە ئەو کەیسەی بۆ مەرامی سیاسی خۆی بەکاری هێنابێت، و ڕاشی گەیاندووە ئەوان پارتی بە بەرپرسیار دەزانن بەهۆی ڕووداننی کارەکە لەسنوری دەسەڵاتی زەرد، هەروەها ئەوەشیان ڕاگەیاندووە دەستپێکی خاوکردنەوەی گرژی نێوان گۆڕان و یەکێتی دەزاندرێت.

دەستپێکی ئەو ملمانێیە لە گرژی نێوان ڕێکخراوی یەکێتی قووتابیانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند پەرلەمانتارێکی گۆڕان هات، کە دواجار هەردوو لایەن لەکەنالەکانی خۆیانەوە هێرشیان کردە سەریەک و یەکتریان تاوانبارکرد، گۆڕان لە ڕاگەیاندنەکانی گرنگی بە پرسی داواکردنی دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری ناوخۆ کە سەر بەپارتیە و دەزگا ئەمنیەکانی ئەو دەدات، لەو نێوانە پارتیش لە ڕاگەیاندنەکانی گۆڕان بەوە تاوانبار دەکات کە خوێنی "شەهید سەردەشت" بەمەبەستی سیاسی بەکاردەهێنێت. ئەو بەیاننامە تونددەی کە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی "نەوشیروان ئەوان ترسیان لەهەڵدانەوەی کەیسەکانی ڕابردوو نییە، بەڵام پێیان وایە ناکرێت کەیسی ڕۆژنامەنووسێک تێکەڵی کەیسە سیاسیەکان بکرێت.

لێرەوە بەبۆچوونی چاودێرانی سیاسی هەرێم ئەو کەیسە سەرەتای توند بوونی ملمانێی نێوان گۆڕان و پارتیە، کە پێشبینی دەکرێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە مانگی ١٠ توند تربێت، گۆڕان نایەوێت وەک ٣\٧ ملمانێ سەرەکیەکە لە سلێمانی و دژ بە یەکێتی بەڕێوە بەرایە، بەڵکو دەیەوێت ئەمجارە ملمانێ سەرەکیەکە لە سنوری دەسەڵاتی پارتی بێت و لەم سنورەش کارتەکانی دەستی بەکار بهێنێت بۆ زیاتر ڕاکێشانی ڕای خەڵک بەرەو قەوارەکەی خۆی و بوونی خۆی تۆکمەتر بکات .

وەزیری خوێندنی باڵا یەکێتی قوتابیان تووڕە دەکات

بەدواداچوونی: ستاندەر

لە دواین ژمارەی ڕۆژنامەی "ڕوانین" ی یەکێتی قوتابیان ئاماژە بەوە کراوە کە دکتۆر "دلاوەر عەلائەدین" وەزیری خوێندنی باڵا جیاوازی لە کاری ڕێکخراوەیی دەکات، ئەمە جگە لەوەی کە ناوبراو وشەی خوێندکار بەکاردەهێنێت کە لە دابەشکاری وشە ئەم وشەیە یەکێتی نیشتیمانی بەکاری دەهێنێت، ئەمەش یەکێتی قووتابیانی تووڕە کردووە و پێیان وایە دەبێت وشەی "قوتابی" لە پاڵ خوێندکار بەکار بهێندرێت لە فەرمانە وزاریەکاندا، لە ڕوونکردنەوەیەکیشدا ڕاوێژکارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاندووە ناتواندرێت لەیەککاتدا "قوتابی – خوێندکار بەکار بهێندرێت"، بەگوێرەی سەرچاوەیەکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکانیش کە بە ستاندەری ڕاگەیاند هەردوو وەزیری خوێندنی باڵای سەر بە یەکێتی و وەزیری پەروەردەی سەر بە پارتی بڕیاریانداوە کۆبوونەوە ئەنجام بدەن، بەشێوەی تەوافق بەکارهێنانی ئەو زاراوانە یەکلادەکەنەوە، بەشێوەیەک دەگوترێت تا قۆناغی ئامادەیی کە پەیوەستە بە وەزارەتی پەروەردە وشەی "قوتابی" بەکاربهێندرێت و، لە قۆناغی زانکۆش"خوێندکار" لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا بەکار بهێندرێت، بەمجۆرە کۆتایی بەو کێشە بێت کە تا ئێستا بەردەوام لە فەرمانە ڕەسمیەکان و پەرتووکەکان هەردوو وشە لە پاڵ یەک بەکارهاتووە،ئەمەش وەک ملمانێیەکی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی ئەم شەڕە وشەیە هاتۆتە ئاراوە، لەلایەکی تر لەسنوری دەسەڵاتی پارتی زاراوەی "قوتابخانە" و لەسنوری دەسەڵاتی یەکێتی "خوێندنگا"ب ەکادەهێندرێت،سەرچاوەکەی فیدراسیۆن لەمبارەیەوە وتی" بۆ چارەسەری ئەم پرسە پێدەچێت ڕێکەوتنەکە بەمشێوەیە بێت قۆناغی بنەڕەتی قوتابخانە بەکاربێت و لە قۆناغی ئامادەیی خوێندنگا بەکاربهێندرێت.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە تا ئێستا هەریەک لە یەکێتی قوتابیانی سەر بە پارتی دیمکرات لە سنوری زانکۆکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی خاوەنی نوێنەرایەتیە و کۆمەڵەی خوێندکارانیش لە سنوری سلێمانی نوێنەرایەتی دەکات، ماوەی چەند ساڵێکیشە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی نەکراوە لە زانکۆکان، لە حاڵی ئێستاشدا پڕۆژە یاسایەک ڕێکخراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی لە ناوەندەکانی خوێندن وپێشکەشی پەرلەمان کراوە، ئەگەر پڕۆژەکە پەسەند بکرێ، پێشبینی دەکرێ ساڵی ئایندە لە ناوەندەکانی خوێندن هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، کە پێشتر زۆرینەی هەڵبژاردنەکان بە گرفت و چاوسوورکردنەوە و تونوتیژی تەواو بووە، بەجۆرێک لە زۆربەی هەڵبژاردنەکان بەرپرسە باڵاکانی حزب دەخزانە ناویەوە و تەواوکردنی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی ڕێکخراوەکەی خۆیان دەشکاندەوە،بەڵام بەهۆی ئەم گۆڕانکاریانەی بەسەر گۆڕەپانی هەرێم دا هاتووە کە دیارترینیان دروست بوونی ئۆپۆزسیۆنە، ئەم دوو ڕێکخراوە ناتوانن چیتر بی گوێدانە خەڵکی تر چۆن خۆیان دەیانەوێ ئاوا مل بنێن و بەربەستێک نەبێت بیانوەستێنێ.